# تیرۆر له ماڵی كوردان

## نوری بێخاڵی

هیچ بیانویه‌ك نییه پاساوی ئه‌و كاره‌ درنده‌ و هۆڤیانه‌یه‌ی بانده‌كه‌ی ( یا شێخ) بداته‌وه‌...ئه‌و كرده‌یه‌ی ئه‌وان رێك پێچه‌وانه‌ی سه‌رجه‌م به‌ها و پره‌نسیپه‌ مرۆیی و مۆڕالییه‌كانه‌...گریمان ئه‌و بانده‌ به‌بیانوی نه‌خۆشی (هۆمۆسێكسوێل) وه‌لامی كرده‌ نێربازییه‌كانیان ده‌ده‌نه‌وه‌ ، به‌لام ده‌بێ له‌ پشتی پرۆسه‌ی كوشتنه‌وه‌ی مێرمنداڵێكی ده‌ستگێڕ و دواتر پارچه‌ پارچه‌كردنی چ عه‌قلێكی تاریك و هه‌ناسه‌یه‌كی ژه‌هراوی مه‌رگدۆست و رۆحێكی شه‌یتانی خۆی مه‌لاس دابێت ؟

ئه‌و كاره‌ تیرۆریستیه‌ گێره‌شێوێن و ئاژاوه‌گێڕییه‌ هه‌ركێ و هه‌رچی له‌پشته‌وه‌بێت ، ئه‌وپه‌ڕی ریسوایی و شه‌رمه‌زارییه‌ بۆ ئه‌نجامده‌رو هانده‌ر و ئه‌وانه‌یش كه‌ پێی خۆشحاڵ و شاگه‌شگه‌ ده‌بن.

به‌هه‌رحاڵ ده‌بێ كۆی كۆمه‌ڵگای كوردی و به‌تایبه‌تی ده‌سه‌ڵاته‌كه‌ی ئیدی واز له‌و وه‌هم و خه‌یاڵه‌ نه‌زۆكه‌ و بیركردنه‌وزه‌ و شیكرنه‌وه‌ بێ بنه‌مایه‌ بێنن كه‌ گوایه‌ ده‌سته‌كان له‌ ده‌ره‌وه‌را چڕنوك ده‌خه‌نه‌ بیناقاقامان ، هه‌روا ده‌ستبه‌رداری ئه‌و شێوازه‌ی خه‌ڵه‌تاندنی خۆیان و خه‌ڵك بن كه‌ كورد و ئه‌زمونه‌كه‌ی ئامانجی پیلانگێڕی و خه‌نجه‌ری پاشه‌مله‌ی دوژمنانی ده‌ره‌وه‌یه‌ ، پێویسته‌ له‌م نێوه‌دا ده‌سه‌ڵات به‌رپرسیارێتی یه‌كه‌می ئه‌م واقیعه‌ بگرێته‌ ئه‌ستۆ ، هاوكات خێزانی كوردی و دامه‌زراوه‌ی مزگه‌وت و ئه‌وانه‌ی له‌وێن به‌شێكی ئه‌و به‌رپرسیارێتییه‌ هه‌ڵگرن. جگه‌ له‌وه‌ی پێویست ده‌كات ده‌سه‌ڵات ده‌ست به‌ ده‌زگا و دامه‌زراوه‌ ئه‌منی و په‌یوه‌ندییه‌كانی له‌گه‌ڵ هێز و گروپگه‌لی ئیسلامی دابگێرێته‌وه‌ ، هاوكات نابێ له‌مه‌ودوا به‌چاوی هه‌رزه‌كار و سه‌ره‌ڕۆ و سه‌رلێشێواو سه‌یری قه‌ڵه‌مه‌كانی ره‌خنه‌ بكات و مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا بكات .

ئیدی چیتر (مزگه‌وت و یا شێخ و حه‌زره‌تی سه‌ید و جه‌نابی مه‌لاكان ) نابێت له‌سه‌روی ره‌خنه‌ و گومان بن ، له‌مه‌ودوا پێویسته‌ كارمه‌ند و لێپرسراوانی ده‌زگاكانی ئاساییش نه‌ك له‌ جوڵه‌ی شه‌قام و سێبه‌ری كۆڵانه‌كان ، به‌ڵكو ده‌بێ گومان له‌ خودی خۆیان و هاوكارانیان بكه‌ن ، چونكه‌ ئه‌ركی ئه‌وان ، ئه‌ركێكی مه‌زن و به‌رز و پیرۆزه‌ و پێویستی سه‌رشانیانه‌ له‌ ئاستیدا هه‌ست به‌لێپرسراوێتی و دڵسۆزی سه‌دده‌رسه‌د بكه‌ن .

ده‌بێ له‌مه‌ودوا ده‌سه‌ڵات و دامه‌زراوه‌كانی بگه‌نه‌ ئه‌و بڕوایه‌ی كه‌ ئه‌وه‌ی سه‌ری ده‌ستگێرێك ده‌بڕێت ( لیگاو) چییه‌كی به‌رده‌می سینه‌ما سیروان نییه‌ ، به‌ڵكو ئه‌وه‌ كه‌سێكه‌ به‌شه‌ش جار خه‌تم كردنی قورئان خه‌ڵك سزا ده‌دات و ده‌فته‌ری ئه‌عمال و گوناه ده‌به‌شێته‌وه‌ .. ئه‌وه‌ی جه‌سته‌ی بێنازی مرۆڤێكی بێتاوان  وه‌ك گۆشتی قوربان هه‌پرون به‌هه‌پرون ده‌كات ، ئه‌و قوتابیانه‌ نین كه‌ له‌ دژی بۆگه‌نی سیسته‌می زانكۆ وه‌ده‌نگ دێن و به‌ سه‌كسوكه‌ و زولفێكی عاشقانه‌ و سمێڵێكی تاشراوه‌وه‌ ، له‌به‌رده‌می زانكۆ و په‌رله‌مان ئاپۆره‌ ده‌به‌ستن ، به‌ڵكو ئه‌وه‌ ئه‌و توكنه‌ درنده‌ ئاسا و ریش بزنانه‌ن ساڵی چوار تا پێنج جار حه‌ج و عومره‌ ده‌كه‌ن و له‌ تاریكی شمشێر ده‌وه‌شێنن .. ئه‌وه‌ی خه‌ریكی نێربازین ، ئه‌و گه‌نجه‌ حه‌زو ئاره‌زوو چه‌پێنراوانه‌ی به‌رده‌م سینه‌ما كریستال نین ، به‌ڵكو ئه‌وه‌ ئه‌و ناوگه‌ڵ برسییه‌ چڵێسانه‌ن كه‌ ته‌نانه‌ت ناتوانن له‌ چاوه‌ڕانی وه‌هم ودرۆی زلی حه‌فتا و ئه‌ونده‌ باوه‌شه‌ی ئه‌و دنیا غه‌ریزه‌ ئاژه‌ڵییه‌كانیان كۆنترۆڵ بكه‌ن .

قسه‌ی ئێمه‌ به‌كورتی له‌م نوسینه‌دا له‌سه‌ر بابه‌تێكی زۆر گرنگ و هه‌ستیاره‌ كه‌ راسته‌وخۆ په‌یوه‌ندی به‌ دروشمه‌ زله‌كانی ده‌سه‌ڵاتی كوردی  و متمانه‌ی دامه‌زراوه‌ یاساییه‌كانییه‌وه‌ هه‌یه‌ ، هه‌ڵوێست و ره‌فتارێك كه‌ پێویست ده‌كات ده‌سه‌ڵات به‌وپه‌ڕی راستگۆییلا و بڕوابه‌خۆبوون و رێزگرتن له‌به‌هاكانی ئازادی و دیموكراتی و مافه‌كانی مرۆڤ پیاده‌ی بكات ، ئه‌ویش دادگاییكردن و سزادانی تاونانبارانه‌ ، تا به‌ سزای له‌ سێداره‌دانیش ده‌گات . هه‌ر هه‌وڵێك بۆ كوشتنی ئه‌و تاونبارانه‌ له‌ پشتی ده‌مامكه‌كانه‌وه‌ و له‌ده‌ره‌وه‌ی دادگاكاندا ، یان هه‌ر بیركردنه‌وه‌یه‌ك بۆ بێسه‌روشوێنكردنی چاره‌نووسیان له‌ده‌ره‌وه‌ی ئاگاداربوونی خه‌ڵك ، یاخود

هەر هەنگاوێك بۆ ئەوەی رای گشتی ئەو روداوەی لە زهن و یادەوەریدا بسڕێتەوە ، هەڵەیەكی گەورەیە دەسەڵات و دامەزراوەكانی بەرامبەر ویژدانی خەڵك و خواستی رای گشتی و بەها و سەنگی دامەزراوەكانی یاسا و دادوەری دەیكات ...پێویستە راستەوخۆ ئەو تاوانبارانە لە دادگایەكی عادیلانەی سەربەخۆ و ئازاددا و بەئامادەبوونی كەسوكاری قوربانیەكان و لە بەرچاوی خەڵك دان بە تاوانەكانیان بنێن ، ئەوە بەومانایە نییە كە ئەو باندە نامرۆڤ و تیرۆریستە وایان نەكردووە ، یا خوانەخواستە گومان لە دانپیانانەكان بكەین ، بە پێچەوانە بەڵكو بۆ ئەوەی دیوی راستەقینەی دیموكراسیبخواز و مرۆڤدۆستانەی خۆمان بسەلمێنین.